# بەڕێز بێ یەکی ئەیار، ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار!

کرێکاران! نەوەی ڕەنج و کار، بەرهەم هێنەرانێک کە جیهانێک پێک دێنن و خۆتان لەبەری ناحەسێنەوە! تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی ئینسان، خەباتکارانی ڕاستەقینەی دژ بە چی ستەم و نابەرابەرییە، موژدەدەرانی ژیانی باشتر و ڕزگاری لە هەر چەشنە لە خۆ بێگانە بوونی ئینسان، پەیام دەرانی دوارۆژی نوێ، ئەو دوارۆژەی کە ئینسان و ڕاستی ژیانی ئینسانی مانای حەقیقی خۆی دەبینێتەوە! یەکی ئەیار، ڕۆژی کرێکار بەڕێوەیە.

یەکی ئەیار ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و ڕۆژی هاودەنگی و دەربڕینی ئیرادەی یەکگرتوانەیە بەرانبەر بە داب و نەریتی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری. لەم ڕۆژەدا هێزی کار لە سەرتاسەری جیهان و لە ڕیزی یەکگرتوودا ڕادەگەیەنێت کە تا هەڵچنینی هەر چەشنە کۆیلەتی و ستەمێک، کۆڵنەدەرانە لە بردنە پێشی ئەرکی مێژوویی خۆیدا هەدا نادات. هاوڕێیان! پێویستە بە بەشداری ڕاستەوخۆ لە مەراسمەکانی یەکی ئەیار و بە دەربڕینی دووبارەی هاوپشتی لە گەڵ بزووتنەوەی جیهانی کرێکاران لەم ڕۆژە مێژووییەدا، لە سەر ئەرکی خەباتکارانەمان بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی چینی جیهانی کرێکار واتە ئازادی و سوسیالیزم پێدابگرینەوە.

ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە بواری ئابووری جیهاندا و ئەو قەیرانەی کە بەر بینی پێگرتوە، جارێکی‌تر سەلماندی کە چاکسازی بنەڕەتی لە سەرمایەداریدا، لە وەهم و خەیاڵ بەولاوە هیچی‌تر نییە. دەرکەوت کە ئەو ڕێگا چارانەی وا سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان بۆ زاڵ بوون بە سەر قەیرانەکە و بە مەبەستی کونترۆڵ کردنی ڕەچاویان کردوە، بە کردەوە شتێک نەبوون جگە لە کۆمەڵە قسە و تەوسیەیەکی تیکراری کە پێشتریش تاقیکراونەتەوە و ناکارامەیی خۆیانیان نیشانداوە.

دەوڵەتەکان ئەمجارەش هاتنەوە مەیدان، تا لە ماڵیاتی خەڵک و بە بڕینی نانی سەر سفرەی کرێکاران و زەحمەتکێشان، قەرەبووی زەرەر و زیانی سەرمایەداران بکەنەوە و بەر بە ئیفلاسی یەکجاریان بگرن. دەوڵەتەکان بە نێوی "پاراستنی ڕادەی کار و شوغڵ" ئەم سیاسەتانە دەبەنە پێش، بەڵام دیتمان کە ئەمە نەک هەر ئیدیعاییێکی فریودەرانە بوو، بەڵکوو بوونە هۆی بێکاری میلیۆنها کرێکار لە سەرتاسەری جیهاندا. دیارە دەوڵەتەکان لە پاڵ ئەو سیاسەتە سەرەکیەدا بە ناچار کۆمەڵە یاسایەکیان بۆ کۆنترۆڵی زیاتر هێنایە ئاراوە و بۆ پێشگرتن بە قووڵ بوونەوەی قەیرانەکە دەستیان دایە هەندێ کار و کردەوەی تایبەتیش. لەوانە چاوگێڕانەوە بە سەر ڕەسم و یاساکانی زاڵ بە سەر تیجارەتی جیهانیدا. هەڵبەت خۆشیان دەیانزانی کە هیچکام لەم هەوڵ و تەقالایانە ناتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ پێش بە دووپات بوونەوەی وەها قەیرانێک بگرن و ئەگەر کاردانەوەیەکیان هەبێ، ڕەنگە بە شێوەی کاتی ڕادەی "زیانی" ئەو قەیرانە لە سەر سەرمایەگوزاریە تازەکان کەم بکەنەوە. دیارە کە هیچکام لەم کار و کردەوانە، ناتوانن

بەر بە دووپات بوونەوەی ئەو ئیفلاسە ئابووریە ماڵ وێرانکەرانە و قەیرانە دەورەییەکان بگرن.

ساڵی رابوردوو لە هەمان کاتدا کە ساڵی دەرکەوتنی بێ بنەما بوونی ئیدیعای دەغەڵکارانەی ئیدئۆلۆگەکانی نیزامی سەرمایەداری سەبارەت بە هەتاهەتایی بوونی ئەم نیزامە بوو، ساڵی کردنەوەی کەش و هەوای نەفسي و موسبەت لە رووی رخنەگری رادیکاڵیش بوو. جارێکی دیکەش ئێمە شاهیدی پەرە گرتنی ئەو بیر و بۆچوونانە بووین کە جێگیر بوونی نیزامی سەرمایەداری، درێژەی ژیان و ئاسۆی داهاتووی دەباتە ژێر پرسیارەوە. پرسە کۆنەکان دووبارە هاتنە ئاراوە بۆ ئەوەی بە جوابێکی تازە بگەن. لەم کەش و هەوا تازەدا، هەرچەند لە لایەکەوە دیار بوو کە کرێکاران لە هەموو لایەک هێشتا لە حاڵەتی دیفاعیدان، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئاسایی بوو کە شاهیدی ئێعترازی بەرینی بە ملیۆن کرێکار بین لە سەرتا سەری جیهاندا. ترس لە بێکاربوون کاردانەوەی نەفسی قورسی لە سەر چینی کرێکار داناوە. بە باشی دیار بوو کە نەبوونی بزووتنەوەیەکی سوسیالیستی وەک ئاڵترناتیوێک چەندە کاردانەوەی نیگاتیڤی لە سەر خەباتی کرێکاران لە دژی سەرمایە و بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان دادەنێت. دەبیندرا کە هەرچەند هەبوونی سەندیکا کرێکاریەکان بۆ بەرگریکردن لە قازانجە کاتیەکانی کرێکاران بە کەڵکن، بەڵام ناتوانن بە تەنیا، چەکێکی کارامە بن لە مەیدانی بەرەورووبوونەوەی کار و سەرمایەدا. کرێکاران دەبێ لە مەیدانی بەرەورووبوونەوە لە گەڵ دەوڵەتەکان کە پارێزەری سەرمایەن، لە هەموو هێزو توانای چینایەتیان کەڵک وەر بگرن تاوەکوو بەر بەوە بگرن کە دەوڵەتەکان بە ئیشتیای خۆیان و بۆ پاراستنی قازانجی سەرمایە، دژ بە کرێکاران بڕیاری یەک لایەنە دەر بکەن. بەم جورە دەبێ هەوڵ بدەن کە دەوڵەتەکان بەردەوام کرێکاران وەک چینێک لە بەرانبەر خۆیاندا ببینن.

کرێکاران لە ئێران لە هەل و مەرجێکی تایبەتیتردا بوون. چینی کرێکار لە ئێران زۆر پێش لەم قەیرانە، دەستەو یەخەی گەلێک کێشەی وەک ناڕێکخراو بوون، نەدرانی حەقدەست، بێکاری بەرین و گەلێک بێ مافی سیاسی بوونەتەوە. کرێکاران لە ئێران لە باری سیاسیەوە لە گەڵ رژیمێکی سەرکوتگەر بەرەورووون کە بۆ کپ کردنی دەنگی ئێعترازی کرێکاران هیچکات لە خوێن رشتن دەست ناپارێزێت. ئەم رژیمە لە باری ئابووریشەوە هەموو سەرمایە و داهاتی وڵاتی بە قازانجی تاقمێکی دیاریکراو گرتوەتە ژێر چنگی خۆی. لە وەها هەل ومەرجێکدا، چینی کرێکاری ئێران زیاد لە کاردانەوەی قەیرانی ئابووری جیهانی لە سەر ژیان و گوزەرانی، زیانی چاوچنۆکی رژیم لە دەست راگرتن بە سەر ئابووری ئێران بە قازانجی تاقمێکی دیاریکراویش، هەر بە سەر ئەودا دەشکێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، کرێکارانن کە دەبێ تاوانی سیاسەتی خسووسی کردنی سەرمایە کە دەوڵەت ڕەچاوی دەکا بدەنەوە. سیاسەتێک کە بوەتە هۆی پێکهاتنی بێکارییەکی بەرین.

ساڵی پار ئێمە شاهیدی ئێعتراز و خەباتێکی بەرینی جەماوەری بووین. شانۆگەری هەڵبژاردنەکانی بە نێو "سەرکۆماری"، بوونە هۆی پەرە گرتنی ئێعترازە جەماوەریەکان

و به شێوەیەکی جیدی رووی هێرشیان کردە بنەما سەرەکیەکانی رژیم. هاوکات و وێڕای بزووتنەوە جەماوەریەکان لەوانە خەبات و بزووتنەوەی بەرینی ژنان، لاوان و خوێندکاران، ئێعتراز و خەباتە کرێکاریەکانیش لە زورشوێنی ئێران و لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کاردا بەردەوام بوون. رێبەرە کرێکاریەکان بەردەوام لە ژێر گوشاردا بوون و هەڕەشەی دەرکردن لە کار، گرتن و زیندانیان لە سەر بووە. سەرەڕای ئەوە زۆرێک لە کرێکاران بەشداریکردن لە خەبات و بزووتنەوە جەماوەریەکانیان بە ئەرکی خۆیان زانیوە. باسی پەیوەندی بزووتنەوەی کرێکاری لە گەڵ بزووتنەوەی جەماوەری دیسانەوە بە شێوەیەکی دیاریکراو هاتە ئاراوە. لە مەیدانی روو بە روو بوونەوە لە گەڵ رژیم، دیسانەوە پێویستی هەبوونی سەربەخۆی کرێکاران وەک پێداویستییێکی سەرەکی حاشاهەڵنەگر دووپاتکرایەوە. بۆ کرێکارانی بەشدار لەم خەباتە جەماوەریانەدا، پرسەکە تەنیا ئەمە نەبوو کە چینی کرێکار چۆن لەم هەل ومەرجە تازەیە بە قازانجی خۆیان کەڵک وەر دەگرن. بەڵکوو لە هەمان کاتدا پرسەکە ئەمە بوو کە بزووتنەوەی کرێکاری چ دەور و نەقشێک دەتوانێ لەم بزووتنەوە جەماوەریەدا بگێڕێت. لەمانەش گرینگتر ئەمە بوو کە بۆ هەموان دەرکەوت کە بە بێ بەشداری هەڵسووڕاوانەی چینی کرێکار لە بەربەرەکانێ مەزنە سیاسی-کۆمەڵایەتیەکاندا، سەرکەوتنی بزووتنەوە گشتی و دیمۆکراتیکەکان بەرتەسک و کەم و کورت دەمێننەوە. لە لایەکیتر و زیاتریش لە جاران، بۆ کرێکاران و بە تایبەت بۆ هەڵسووراوانی بزووتنەوەی کرێکاری دەرکەوت کە پێداویستی چینی کرێکاری ئێران بە پێکهێنانی رێکخراوە سەربە خۆ و سەراسەریەکانیان و هەروەها پەرەگرتنی هاوپشتی و یەکیەتی ریزەکانی ئەم چینە، تەنیا لە پێداویستییەکی سێنفییەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو پێویستییەکی سیاسیە بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ رژیمێک کە سەرەتاییترین مافە ئینسانیەکان پێشێل دەکات و دەست بۆ سەرکوت وکوشتار دەبات.

کرێکاران جگە لە چوونە مەیدانی دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی چارەیەکیتریان نیە. هەر ئاڵ وگۆڕێک لە کەش و هەوای سیاسی و لە پێوەندییەکانی نێو دەسەڵات لە ئێران راستەوخۆ و لە پلەی یەکەمدا بەربین بە کرێکاران دەگرێت. چینی کرێکار بە پێی سروشتی خۆی ناتوانێ و نابێ دورەپەرێز راوەستێت، بەڵکوو دەبێ بە پێی هێزو توانای، مۆری خۆی لە ئاڵ وگۆرە سیاسیەکان بدات.

کرێکاران لە کوردستان، لە ساڵەکانی رابوردوودا دەورێکی هەڵسووڕاوانەیان لە بزووتنەوەی کرێکاری و بۆ پێکهێنانی رێکخراوە کرێکاریەکان لە ئێراندا هەبوە. لەم رێگایەشدا زەخت وزۆر و گیرو گرفتی بەرچاویان هاتوەتە رێ. کرێکاران لە کوردستان ساڵی پاریش وەک ساڵانی رابوردوو، بە ناچار لە هەل ومەرجێکی میلیتاریزەی تەواو و کەماڵدا درێژەیان بە خەبات و تێکۆشانیاندا. پەرە گرتنی بزووتنەوە گشتیەکان لە تاران و برێک لە شارە گەورەکانیتر و هاوکات، هەوڵی رژیم بۆ بەر گرتن بە تەشنە کردنی ئەم بزووتنەوانە بەرەو باقی شوێنەکانی ئێران، هەروەها بوونی ورەیەکی باڵای خەباتکارانە لە کوردستان، هۆکاری توندبوونەوەی سەرکوتەکان و چڕتر کردنەوەی

کونترۆڵەکان بوون لە کوردستان لە چاو ساڵانی رابوردوو. بە لەبەرچاو گرتنی هەستیار بوونی مەسەلەکە، نەک هەر شوێن کەوتن و گرتن و زەخت وزۆر لە سەر هەڵسووڕاوە کرێکاریەکان لە کوردستان کەمی نەکرد، بەڵکوو رژیم گوشاری سیاسی و پۆلیسی دژ بەوانی زیاتر کرد. بەڵام ئەمەش نەبوە کۆسپی سەر رێی درێژە پەیداکردنی خەبات و تێکۆشانی شان بە شانی کرێکارانی کوردستان لە گەڵ باقی بەشە کرێکاریەکان بۆ گەیشتن بە داخوازەکانیان.

گومانێک لە مەشدا نیە کە کرێکاران لە کوردستان، ساڵانی پێشووش بە بەرپا کردنی گەلێک مەراسمی جۆراوجۆر، رێزیان لە رۆژی یەکی ئەیار گرتوە. لەو مەراسمانەدا بە پەسەند کردنی بڕیارنامەگەلێک، سەرەکی‌ترین داخوازە سیاسی و پیشەییەکانی خۆیانیان دەست نیشان کردوە. ئەم داخوازانە بەرئاوەردە نەکراون و ئەمساڵیش هەر لە دەستووردان. هێنانە ئارای دووبارەی ئەو داخوازانە و گەلێک داخوازی دیکە کە لەگەڵ بارو دۆخی ئەمڕۆدا دێنەوە، دەتوانن لە زومرەی بەندەکانی بڕیارنامەکانی ئەمساڵدابن. ئێعتراز بە میلیتاریزەکردنی کوردستان، ئێعتراز بە کۆچی ئیجباری بۆ پەیداکردنی کار، داخوازی لانی‌کەمی حەقدەست و بیمەی بێکاری و دەرمانی بە لەبەر چاو گرتنی ئاستی ژیان و بەرێچوونی گشتی، مافی پێکهێنانی رێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری، قەدەغە بوونی کاری مندالان وێڕای دابینکردنی ژیان و بەرێچوونی بنەماڵەکانیان و هەروەها داخوازە سیاسییەکان، لەوانە؛ داخوازی یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو مافە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریەکاندا، ئازادی زیندانییە سیاسییەکان، دەربڕینی هاوپشتی چینایەتی لە گەڵ باقی کرێکارانی ئێران و جیهان و... دەکرێ ببنە سەر خەتی داخوازیەکانی ئەمساڵ لە مەراسم و کۆڕو کۆمەڵەکانی یەکی ئەیاردا.

"رەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە(فراکسیۆن)" لەم رۆژە مێژووییەشدا خۆی بە هاوخەباتی چینی کرێکار دەزانێت. ئەمە بەشێکە لە ئەرکی خەباتکارانەی ئێمە لە پێناو نەهێشتنی هەموو ئەو هەل‌و مەرجەی کە چەوساندنەوە و کۆیلەتی و قازانج پەرەستی لە هێزی کار مەیسەر دەکات. نیزامێک کە هەتاهەتایی نییە ونابێت. بە بێ هیچ گومانێک هەر هەنگاوێکی کرێکاران لە پێناو پتەو کردنەوەی هاوپشتی خەباتکارانەی چینی کرێکار، هەر هەولّدانێکیان بۆ روونکردنەوەی بەرژەوەندیە چینایەتییەکانی چینی کرێکار، هەنگاوێکە لە پێناو لە ناو بردنی تەواو و کەماڵی ئەم نیزامە چەوسێنەر و کۆیلەبارە.

**بەرێز بێ یەکی ئەیار!**

**بژی هاوپشتی چینایەتی کرێکاران!**

**بژی سوسیالیزم!**

**رەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵە(فراکسیۆن)**

**٢٨ ئاوریلی ٢٠١٠**